

# پەخشانە شیعر

لوقمان ڕەئوف

پەخشانە شیعر وەك ڕەگەزێکی شیعریی، دەرئەنجامی مۆدێرنەی شیعریەو لە ئەدەبی کوردیدا لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بە شێوازی جیاواز سەری هەڵداوە، ئەم سەرهەڵدانەش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا لەژێر سایەی ئەم مۆدێرنە هاوچەرخەدا، چەند ناوێکی نوێ لە شیعر، یاخود جۆرایەتیەکەی، هاتنە ئاراوە لەوانە : (شیعری مەنثور، پەخشانە شیعر، شیعری پەخشانی، چامەی شیعریی)، لە ڕوانگەی گوزارشکردن لە مۆدێرنەی نوێگەری، واتایەکی هونەریو تەکنیکی لەخۆگرتوە، نەك واتایەکی کاتی مۆدێرنە، گەڕانە بە دوای وزەی نوێی لە زمانو ڕیتمو ....هتد، چونکە شیعر سنورەکان دەبەزێنێت، ئەمەش لای ئەدۆنیس مغامەرەیەکی بەردەوامی مۆدێرنەیە، لێرەوە دەرفەتێك بۆ بەربلاوی پەخشانە شیعر دەکاتەوە، بەمەش مۆدێرنە بوو بە پێویستیەك لە پێویتسەکانی ژیان بە گشتیو شیعر بە تایبەتی، کە لە خۆیدا پڕە لە ئاڵوگۆڕی واقیع، لە پێناو گەشەکردنی هۆشیاریو

هزریو ستاتیکیو جەختکردنەوە لەسەر ئامادەبونێکی تەواو لەم جیهانەدا.

ئەم ڕەگەزە شیعریە لای شاعیرانی کورد، نەیتوانیوە وەك ڕەگەزێکی سەربەخۆو جیا لە قاڵبی پەخشانە شیعردا ڕەنگ بداتەوە، ئیتر لەوانەیە خۆیان نەیانویستبێت، وەك ئازاد عەبدولواحید دەڵێت: "هەندێك لە ڕەخنەگران پەخشانە شیعر بەوە دادەنێن کە هەوڵدانێکە بۆ بەپەراوێزکردنی شیعرو سەپاندنی دەسەڵاتی شاعیر، بەوەش لە بەهای تەکنیکی دەقی پەخشانە شیعر کەم دەکەنەوەو دەیخەنە دەرەوەی بازنەی شیعرو سەنترالیزمی دەقی شیعریی)[1]، بەڵام لە تێکەڵکردنی ڕەگەزەکاندا زۆرجار ئەم ژانەرەش لە ناو شیعردا خۆی دەنوێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو شێوازە لەناو شیعری شێرکۆ بێکەسدا لە دوای دیوانە شیعری دەربەندی پەپولەوە، بوەتە سیمایەك لە شیعرەکانیدا .

خزعل الماجدی دەڵێ: (نوسینی پەخشانە شیعر، وای لە هەندێ شاعیرانی سەدەی نۆزدە وەك (بۆدلێر، مالارمێ، ڕامبۆ) کردوە شیعرێکی نوێ لە پەخشان بهێننە ئاراوە، نەك لەو کێشەی کە پەیوەستە بەو شیعرەوە، ئەمەش تەنیا لەبەر بەرتەسکی کێشی شیعرییو بەرفراوانی فەزای پەخشانی نەکراوە، بەڵکو بەهۆی هەڵاوێردی نێوان ڕەهاو کرۆکی شیعرەکەوەیە، ئەم شاعیرانە هانای بۆ دەبەن، لەناو ئەو هۆکارانەی کە لەو کاتانەدا زۆربوون، ئەمەش وەك موجازەفەیەکی شیعریی وایەو ئەم موغامەرەیەش، بەردەوام ئاراستەی ئەو هۆکارو کەرەستانە کراوە، کە شیعرەکەی پێ دەنوسرێت، لەگەڵ ئەو ڕێگایەی کە لێیەوە دەردەکەوێت.[2]

بەڵام جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەم، ئەم پەخشانە شیعرەی، کە هاتوەتە ناو شیعریی کوردیەوە، هەر لە سەرەتاوە، تاکو ئێستا، ئایا پەخشانە لە شیعردا، یاخود قەسیدەیەکی پەخشانییە، ئەم ناولێنانەی، کە لای هەندێ شاعیر نراوە، زیاتر چاولێکەریە، وەك هەڵێنجان لە ناوەڕۆکی شیعرەکەوە .

سوزان بیرنار پەخشانە شیعریی دابەشکردوە بەسەر دوو جۆردا[3]

1– موحافزکار، پەیوەستکار(المحافظ)

2– هەڵهاتوو، لادەر (المتمرد)

هەرچی پەخشانە شیعریی موحافزکار هەیە، ناوی دەنێت: (قەسیدەی وێنەیی) یان بازنەیی– دەورانی (الدوریە) کە ئەم شیعرە پێکهاتوە لە چەند بەشێكو هەر یەك لەم بەشانە، لە چەند کۆپلەیەك پێك هاتوە، لەگەڵ دوبارەبونەوەو ڕێکخستنی ئاوازو ئیقاع، لێرەدا ئەوە دەبینین کە کۆنترۆڵکردن بەسەر کاتو سەرلەنوێ کۆنترۆڵکردنەوەیو سەپاندنی شێوەو بنیات لەسەر ئەو شیعرە، لە ڕێگەی ئیقاعەوە، ئەمەش بە شێوەیەك، کە بگونجێت لەگەڵ شێوازی دانانی شیعر، بەڵام قەسیدەی پەخشانی لادەرەو بریتییە لە قەسیدەیەکی تازە دەرکەوتوو، کە هەموو ڕێگاکانی شێوەی پەیوەندیکردنی ماوە کاتیەکان ئەبڕێت (کات، شوێن، هەڵێنجانی لوژێکی) خۆی ئازاد دەکات لە کاتو لەهەمان کاتیشدا کات وەلا دەنێت.[4]

لەمەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە کاتو سەردەم، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لەوەی کە قەسیدە بکاتە پەخشانێکی موحافزکار، یاخود لادەر، پەیوەستبوون بە ئیقاعەکانی کاتو شوێنەوە، دەیکاتە لادەرێکی پەیوەستکارو دەرچون لە ئیقاعاتەکانی کاتو شوێن، دەیکات بە لادەر، ئەمەش دەتوانین ناوی لێ بنێن ئیقاعی ناوخۆیی پەخشانە شیعر، نەك ئیقاعێکی کێشی دەرەکیو ناوەکی، بەڵکو ئیقاعێکی شێوەیو ڕەوانبێژیەو پشت بە دوبارەبونەوەی لێکچونو هاوسەنگیو کار لەسەر چینەکانی هزری دەکات، بە شێوەیەکی کاربۆکراو.

سامی هادی دەڵێت: (یەکەم زاراوەی پەخشانەشیعر لە لایەن (ئەدۆنیس)ەوە لە ساڵی(1960)دا لە گۆڤاری شیعری لوبنانیدا بەکار هێنراوە، بەڵام ئەدۆنیس دان بەوەدا دەنێت، کە پشتی بە زاراوەی کتێبەکەی (سوزان

برنار) بەستوە)[5] ، هەروەها دەڵێت: (پەخشانەشیعر وەرگێڕاوی زاراوەی فەڕەنسی(Poemeen prose)ە کە سۆزان برنار بەکاری هێناوە)[6]

سامی هادی دەڵێت: (ئەو هەوڵو تێکۆشانەی کە لە بارەی قەسیدەی شیعریەوەیە، بە هۆی تێڕامانو کاریگەری ئەو بیرانەیە، کە گۆڤاری شیعر خستنییە ڕوو، لەهەمانکاتدا کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی هەیە)[7].

محمد مبارك هەوڵی داوە ئەو ئیقاعانەی، کە پەخشانەشیعر لەخۆی گرتوون، بخاتە ڕوو، لەم بارەیەوە دەڵێت : (کەس ناتوانێت نکۆڵی لە داهێنانی بوونییەتی ڕیتمی بکات، کە پێکهاتەو وروژێنەری شیعریەت لەخۆی گۆتوە)[8].

ئازاد عەبدولواحید دەڵێت: (مۆسیقای پەخشانە شیعر وەلامدانەوەیەکی نوێیە لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریو پەخشانیدا).[9] هەروەها دەڵێت: (ڕیتم موعاناتی شیعری هەڵدەسورێنێتو وزەی زمانەوانی شاعیر بەرپا دەکات، بەوەش بەهایەکی ئێستاتیکی بە دەقەکە دەبەخشێت، ئەم جۆرە ڕیتمەش بە مۆسیقای ناوخۆی شیعر ناوزەد دەکرێت).[10]

پەخشانەشیعر بە تەواوی دەستی لە کێشە چاولێکەرەکان هەڵگرتوەو کێشیش لە پەخشانەشیعردا مەرجێکی شیعری نییە،چونکە شیعرەکە داڕشتنەوەیەکی کێشی نییە بۆ ئەزموون، بەڵکو وێنایەکە بۆ ژیان، هەوڵدەدات ڕیتم وەك بەدیلێك بێت بۆ کێشو شیرکۆ بێکەس شاعیرێکە لە چەشنێکی تایبەتیو خاوەن ئەزمونێکی زمانی زیندوو ڕەمزی هەیە. (عبدالجبار البصری جیاوازی ناکات لەنێوان چامەی پەخشانی (قصیدة النثر)و شیعری پەخشانی (الشعر المنثور)، شیعری پەخشانی زاراوەیەکی بڵاوە (امین الریحانی) بانگەشەی بۆ کردوە، کە لە سالآنی(1907)دا نوسیویەتیو پێیوایە، کە بە فەڕەنسی (Verselibres) پێدەڵێنو بە ئینگلیزی (Free verse) واتە شیعری سەربەستو ڕەها[11].

سۆزان برنار پێیوایە پەخشانەشیعر نەك تەنیا لە ڕوخساردا، لە ئەنجامی یەکگرتنی دژەکان سەر هەڵئەدات، بەڵکو لە ناوەرۆکیشدا، هەمان شێوەیە (شیعر، پەخشان، ئازادی، ئاژاوەگێڕی، هونەری ڕێکخستن، لەهەمانکاتدا لە پێکهاتە ڕەوانبێژیەکانو ناوە لۆژیکیە بەرزەکانو شێوازی پەشێو هەڵدێن، ئەمەش بە هۆی پشتبەستن بە شتێکی نادیار)[12].

لەسەر ئەم بنەمایەش پەخشانەشیعر دوو لای دیار لەخۆ دەگرێت :

1)هێزی فەوزەوی کە لایەنگری ئەوەیە، کە شێوەباوەکان وەلابنرێت. 2) لەگەڵ هێزێکی ڕێکخەر لایەنگرو لەگەڵ بنیادنانی یەکەی شاعیریە، لە سیماکانی ئەو فەوزەویە ئەوەیە، ملکەچی دابە بریە لۆجیکیەکانو زمانییەکان نابێت[13].

حاتم المطر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دیارترین مەرجی پەخشانەشیعر بریتییە لە کورتبڕیو پرشنداریو فرەواتایی، لەپێناو گەیشتنە جۆرێك لە سەربەخۆیی، نە بە شیعرو نە بە پەخشان[14]. علی حلاق پێیوایە کێش مەرجێك نییە، لە کاتێکدا شیعر داڕشتنێکی کێشی نییە بۆ ئەزموون، بەڵکو ڕوئیایەکی ژیانە،جگە لەوەش ڕیتم بەدیلی کێشو لە کرۆکی بونییەی شیعرەکەوە سەرچاوە دەگرێت.[15]

ئەدۆنیس لە ڕەتکردنەوەی ئەو ڕایەی (نازك الملائکة)دا دەڵێت: (پەخشانە شیعر بە پێکهاتەیەکی پەخشانی بێمانا لەقەڵەم دەدات)، کەوایە گەورە شاعیرانی وەك لۆیهر، بامۆنو رامبۆ.......دەیڵێن هەمووی هونەرێکی بێواتایە)[16].

لە ڕاستیدا پەخشانەشیعر لە بری کێش وسەروا، مۆسیقایەکی ناوخۆییو قوڵبونەوەیەکی کرۆکی ڕیتمی هەیە، کەوایە شیعر بریتییە لە دەقێکی بەرهەمهێنراوی هەڵقوڵاوی هەستی، لە قاڵبێکی زمانەوانیو مۆسیقی دروستداو خەیاڵ لای وەرگر دەهەژێنێت.

ئازاد عبدلواحد دەڵێت: (ڕیتمی ناوخۆیی ئەو بوونە بەرجەستەیەیە کە ئەدگاری شیعری بە دەقی پەخشانە

شـيعر دەبەخـشێت، كـە لـەبری مۆسـيقای دەرەكـی دێت)[17].

لەگـەڵ ئەمەشـدا دی بـوس دەڵێـت: (كۆمـەڵێك چـامەی جوان هەن بەبێ دێری شيعری، هەروەها چەندين دێڕە شيعر هەن كە شيعريان تێدا نييە)[18]. ئەوەی گومانی تێدا نييـە، كە شيعر پەيوەسـتە بـە مۆسيقاو كێشەوە، كەچـی ڕيتمـی ڕسـتەو پەيوەنـدی نێـوان دەنـگو واتـاو هێـزی (ئامـاژە– الايحاء)ی وشەكان جيا نابنەوە لە شـێوەی ڕێكخـراو، بـەڵام ئەگەر ئەم شـێوەيە لـە چوارچـێوەی بـەحری ئەسـكەندەری خۆی مەڵاس دا، پێويستی بە دۆزينـەوەی شـێوەيەكی تـری نەرمەنيانترو ئازادتر هەيە، شيعری فەرەنـسی لـەم پێنـاوەدا هــەر لــە ڕۆمانــسيەتەوە دەســتيكرد بــە تێكــشاندنی چوارچێوەی نەريتە كۆنەكانی ڕۆحی شيعريی، كە بريتين لـە كـێشو سـەرواو ياسـاو ڕێـساكانی شـيعری كلاسـيكی، بـەم شێوەيە دەسەڵاتی فۆرمە جێگيرەكان، باڵادەست بـوو، كـە لەبـەردەم شـاعيردا ڕێگربـوون بـۆ دروسـتكردنی زمـانێكی توندی تايبەت بە خۆيان، بەمەش كەرەسەكانيان لـە قاڵبـی ئامادەدا داڕشت، لـە پـاش ئـەميش شـيعری سەربەسـت لای ڕەمزييەكان هاتە ئاراوە، دوای ئەميش، پەخشانەشيعر هاتـە ئاراوە.

د.زاهير مەجيـد دەڵێـت: (زۆرجـار تێكـەڵی دەكرێـت لـە نێوان چامەی پەخشانیو پەخشانە شيعر، بـەڵام پێويـستە، لـەوە تێبگـەين كـە بنـەمای هـەر حوكمێـك پەيوەسـتە بـە مەبەستی نوسەرەوە، كە ئايا قـسەكانی چـامەی پەخـشانين يان پەخشانە شيعرين)[19].

1-**پرەنسيپی دوو لايەنەی پەخشانە شيعر**

پەخشانە شيعر لە ئەنجامی حـەزو ئـارەزوی ڕزگـاربونو ئازادی لە كـۆتو بەنـدەكانی شـيعرييەوە هاتـە ئـاراوە، لـەم كاتەشدا پێويست بوو كە شيعر لە هونەرو ڕێكخستنی شـيعر جيـا بكرێتـەوە، بـەم شـێوەيەش لـە دوای ڕەگـەزی نـوێی شـيعردا، پەخـشانەشيعر هاتـە ئـاراوە، كـە تـا ڕادەيـەك دەستبەرداری جوانييـەكانی شـيعر نـەبوو. زيـاتريش بـە لای پەخشانی پەتيدا شكايەوە، پەخشانێك كە دواتر جياواز بـوو لە پەخشانی ئاساییو قورساييەكی سروشتی لـەخۆ گرتبـوو لـە شـێوازی پەخـشانیو ڕيتمـی پەخـشانی دا، ئەمـەش دەرئەنجامی شـيعری نـوێ بـوو، بـۆ لـە دايكبـوونی چـامەی پەخشانی.

2- هـەردوو جەمـسەری پەخـشانە شـيعر: ڕێكخـستنی هونەری گەڕەلاوژێی تێكدەرانە: ئەوەی گومانی تێدا نيـە كـە پەخشانەشيعر لەيەك كاتـدا هێزێكـی گەڕەلاوێـژی تێكـدەری لـەخۆ گرتـوە، كـە مـەيلی ڕەتكردنـەوەی شـێوە باوەكـانی هەيەو هێزێكی ڕێكخراوی هەيەو مەيلی بنيادنـانی يەكەيـەكی شيعری هەيە، خودی زاراوەی پەخـشانە شـيعريش.ئـەم دوو لايەنەی لەخۆ گرتوە، چونكە ئـەوەی پەخـشان دەنوسـێت، ياخی دەبێت لە نەريتە عەروزیو شێوازگەرييەكانی، ئەمەش كـە چـامە دەنوسـێت هـەلی داهێنـانی شـێوەيەكی ڕێكخـراو دەدات، داخـراو بەسـەربەخۆيداو جـودا لـە زەمـەن، لـەم پێناوەشـدا بيرتـرانو ڕامبـۆو شـاعيرە وێنەگەرييـەكانی تـر، هەوڵی داهێنانی جۆرێكی پەخشانی نوێ دەدەن، لە ڕێگـەی دۆزينەوەی چەند ياسايەكی هونەری نوێ، كە خاوەنی چەند ئامـانجێكی ئـەوتۆ بێـت، نزيـك لـە ئامانجـەكانی شيعرەوە، ڕامبۆو شاعيرانی تر، هەوڵی دۆزينەوەی زمانێك دەدەن، كـە ڕێگە بە تۆماركردنی خەونەكانی بداتو بەديهێنەرێكيش بێت بۆ ناديارى، بە تـەنيا ئەمـە دوو هەڵوێـستی جوانكـاری نـين، بەڵكو ڕێگەن بۆ بەرپەرچدانەوەی سيستمی ئەو شتانەی كـە لە واقيعدا هـەنو پەيوەنـدييان بـە هەوڵێـستی كۆمەڵايـەتیو ميتافيزيكييەوە هەيە[20].

3- هــەردوو داڕشــتنی پەخــشانە شــيعر، پەخــشانە شيعروچــامەی شــيعريی :چــامەی شــيعريی لــە كــاتی دروســتبونيدا بنيــاتو شــێوەی ڕێكخــراو بەســەر كاتــدا دەسـەپێنێت، بـەڵام پەخـشانەشيعر سـنوری كـاتو شـوێن دەسڕێتەوە، پەخشانە شيعر لە دوو ڕێگەوە سەرهەڵدەدات:

يەكـەم دابەشـكردن بـۆ چـەند برگەيـەكی شـيعرییو دوبارەكردنـــەوەی شـــتە پێويـــستييەكانو گێڕانـــەوەی وشەكان بۆ شوێنی مەبەستی شاعير، هەموو ئەم ڕێگايانە تا درەنگانێك لە لايەن شـاعيرە پەخـشانييەكانەوە بـەكار

هێنرابوون، کە بابەتی نوسینەکانیان بریتبوو لە ملکەچیبوونی زەمەن بۆ نازەمەن، هەروەها کارکردن بۆ لەدایکبوونی شێوەیەکی ئەزەلی بۆ ماوە زەمەنییەو جۆراوجۆرەکان، ئەو برگانەی پەخشانە شیعر، کە لەگەڵ برگەکانی گۆرانیو شیعردا دەگونجێت، کات تیایاندا دابەش دەبێت بۆ چەند بەشێکی ڕێکخراو، کە بە شێوەیەکی بێدەنگ دەریان دەبڕێت، ئەو بێدەنگییەش ڕیتمێك دروست دەکاتو هەیکەلی ڕۆحی چامەکە دروستدەبێت.

دابەشکردنی پەخشانە شیعر بۆ چەند برگەیەك، زۆرجار بنیاتێکی خولی بە چامەکە دەدات، لەسەر سیستمێکی ڕیتمی بنیاتداو لەسەر گەڕانەوەو دووبارەبونەوەو شێوەکانی دووبارەکردنەوەش جۆراوجۆرن: لەوانە، گەڕانەوەی پێویست بۆ ماوە ڕێکخراوەکانو گێڕانەوەی برگەی سەرەتایی بۆ کۆتایی، ئەمەش ڕێگە بە بیرۆکەی شیعرەکە دەدات، بە دەوری خۆیدا خۆی دەربخات.

ئاشکرایە گێڕانەوەی وشەکانو هەماهەنگی، یان بە هۆی هەماهەنگی بیرەکانو ئاماژەکان، هەروەکو لە چامە پەخشانییەکەی بودلێردا هاتوە، هەستێك بە بوونی بازنەیەکی سیحری دەکرێ، کە تیایدا هەموو چەمکیکی کاتی وەلاوە نراو تێکەڵ دەبێت، ڕابردوو ئێستا، هەموویان لە هەقیقەتێکدا کۆ دەبنەوەو دابەش ناکرێت[21].

گەڕانەوە بۆ ئەزەلیەت لە کاتو شوێندا، وەکو گێڕانەوەی زەمەن بۆ سیستمی ڕیتمیو جێگیربوون لە کاتێکی موسیقیو دوور لە ڕێڕەوی هەر بووی پەیوەندیدار، لە کارەکانی ڕامبودا ڕەنگدەدەنەوە، واتە ڕزگاربوون لە ڕەهەندە زەمەنییەکانی (ڕابردوو ئێستاو ئایندە) بەرەو زەمەنێکی ڕاستەقینەو داڕشتنەوەی چامەی پەخشانی لە یەکەیەکدا، بە شێوەیەك کە شۆك لە خوێنەردا دروست بکات.

**سوزان بیرنار دەڵێت:** (ڕەنگە بپرسین چۆن زەمەن وەلاوە دەنرێت ؟)[22]

پێمانوایە شاعیرەکان لە دوو ڕێگەوە دەیکەن، یەکەمیان وەلانانی ڕەهەندە زەمەنیە پەتییەکان، چونکە شاعیر دەتوانێت خەونێکی نازەمەنی وەسف بکات، هەروەکو لە چامەی (متصوف)ی ڕامبۆدا هاتوە، بە تێڕوانین بۆ هەموو سەدەکانو کاتەکان، بە یەك تێڕوانین لە پاڵ گۆڕانکارییە خێراکاندا، بە هەمان شێوە دەتوانرێت شوێنیش وەلاوە بنرێت، هەروەکو چۆن دەتوانین ڕووبەرەکان بە ڕۆژو مانگ بپێوێت، لە پاڵ پێوانی بە مەترەکان، دەتوانین لە کات بگەین، وەکو ئەوەی شوێنێکی فیکری هەبێت، هەروەکو بودلێر دەڵێت: (قولاّیی شوێن، ڕەمزی قولاّیی کاتە)، شاعیر ناتوانێت شێوازە زەمەنییەکان ڕەت بکاتەوە، بەلاّم دەتوانێت شێوازە لۆجیکییەکان ڕەت بکاتەوە، ئەوانە لە خەونەکانی مرۆڤدا بە ئاشکرا دەردەکەون، کە زەمەنو کات تیایدا زۆر پەلەیە، یان ڕەنگە هەر نەبێتو ئەمانەش لە ڕێگەیانەوە، شاعیر، خوێنەر لە جیهانێکی کۆتکراو بە زەمەنو نەریتە لۆجیکییەکانەوە بەرەو جیهانێکی نامۆو سەیر دەبات، مرۆڤێکی بەهرەدارو خاوەن وزەی نوێ)[23].

لە ڕاستیدا داهێنانی خەیاڵی خەونەکان ملکەچی نەریتەکانی زمان نابێت، چونکە داهێنانی نادیار پێویستی بە شێوەی نوێ هەیە، سۆزان بیرنار دەڵێت: (پەخشانە شیعر جەمسەرێکی زۆر هەستیاری هەیە، ئەو شاعیرانەی ڕوودەکەنە جەمسەری یاساو دەستور، بە شاعیری شێوە بازنەیی ناو دەبرێن، ئەو شاعیرانەی ڕوودەکەنە جەمسەری نایاسایی، بە شاعیری ئاماژە ناودەبرێن، بەڵام لەهەمانکاتدا هەردووکیان لە خێرایی ڕۆحیدا کۆدەبنەوە) (24).

زمان لە دەقی پەخشانە شیعرییدا، زمانێکی تایبەتو ڕەهایەو دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە بە تەواوی ڕەهایی خۆی بخاتە ڕوو، وەك ئازاد عەبدولواحید دەڵێت: (پەخشانەشیعر زمانێکی نوێیە لە نێو چوارچێوەی چەند پەیوەندیەکی گوزارشتی نوێدا، کە سیمیولۆژیای زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بنیاتی ڕیتمی هەر دەقێکی پەخشانەشیعردا، لەم حاڵەتەشدا مۆسیقای شیعری لە دەرەوەی دەقەکەوە بەرەو

ناوەوەی دەچێتو لە میانەی ڕەوتی شعوریەوە خۆی دەنوێنێت، لە ئەنجامدا سیماو ئەدگاری ورووژانو سەرەنجراکێشان، بەرەو سیمانتیکای دەقەکە، دەخاتە سەر وزەی ڕیتمو مانا گشتیەکەی(25).

هەروەها دەڵێت: (زمانی دەق لە پەخشانەشیعردا زمانێکی ڕەهایەو لەچوارچێوەی چەند پەیوەنییەکی نوێدا سیمۆلۆژی ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتنانی دەقدا ببینێت)(26).

### پەخشانەشیعرو بەکارهێنانی گێڕانەوە لە شیعری ئەوروپیدا

پەخشانەشیعر لە شیعری ئەوروپیدا، بەهۆی ئەو ئاراستەی میتافیزیکەوە هاتە ئاراوە، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا باڵی بەسەر شیعردا کێشابوو، بە کاریگەری شاعیرانی وەکو بۆدلێر ڕامبۆو لوتر یامونو مالارمێ، هەروەها بە مەبەستی گۆڕانو گەڕانو تازەگەریو دواتر گەیشتنە زەمینەیەکی نوێ بۆ شیعر، کە پەسەندو کاریگەرو بەتوانا بێت لە خستنەڕووی ئیلهامی شاعیر، بە شێوەیەکی گونجاو، بۆ دەربڕینی ئەوەی لە ناخیدایە ئەم گوزارشتەش خوێنەر توشی تێڕامانو وردبوونەوە بکات، بەمەش شیعرێك لە جۆری پەخشانەشیعر دروست دەبێت، دور لە پەخشان، کە ماوەیەکی زۆر زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی پەخشانەشیعر خۆش کردو کردی بە جۆرێکی ئەدەبی ڕاستەقینەی نوێ.

پەخشانەشیعر لە مۆرکی شیعری پێش خۆیەوە جیا دەبێتەوە،کە تەنیا لە سنوری چامەیەکی ڕووتدا نەسوڕێتەوە، کە کۆمەڵێك لە ڕستەو دەستەواژەکان وەلاوە بنێت، کە پێیوایە بوونیان لە ناو دەقدا پێویست نییە، هەروەها جەخت لەسەر پێویستی هێنانەئارای کاریگەرییەکی بەهێز دەکات، بەسەر وەرگرداو وروژاندنی چێژی خوێندنەوە، بە شێوەیەك چامە ببێت بە چاوگی جوڵاندنو هەژاندنی ناخە هێمنەکانی وەرگر، یان ئەو چێژە باوەی چەندین سەدە پێکهاتووە، لە کۆتاییشدا جەخت لەوە دەکات، کە ببێت بە یەکەیەکی ئەندامی کە کۆی بنەماکانی چامەکە لەخۆی بگرێت، دور لە هەڵوەشاندنەوە، ئەگەرچی فەوزای ناوخۆیی کە بەسەر چامەکەدا دێت، پەخشانەشیعر بوونی ئیرادەیەکی هۆشیارو گریمانە دەکات، لە ڕێکخستنی چامەکەدا، نەك پشتبەستن بە زهنی ڕووت، کە پاڵی پێوە دەنێت، تەنیا بریتی بێت لە چەند ڕستەیەکی ڕیز کراو، لێرەوە پەخشانەشیعر دەرگایەك بۆ گێڕانەوە دەکاتەوەو چامەکە بە هۆیەوە نزیك دەبێتەوە لە گێڕانەوەی چیرۆکی، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ڕوون دەریانخات، شارل بۆدلێر گێڕانەوەی زیرەکانەی بەکارهێناوە، بۆ پێکهێنانی چامەیەك، ئاوێتەی گێڕانەوە ببێتو بەپێی ئەزمونەکەی خۆی، گێڕانەوەی تێکەڵ بە شیعر کردوەو شیعر لە هەندی لە وێنەکانیدا بریتییە لە کۆمەڵێ بنیاتی گێڕانەوەی یەکگرتوو، هەروەکو لە چاوی (جوتبووەکان –تطابق)دا کە تیایدا هاتوە:

**سروشت پەرستگایەکە قەشەکانی / هەندێ جار وشە نهێنییەکان دەڵێنەوە، کە مرۆڤ تیایدا بە چەند ڕەمزێکدا تێپەڕ دەبێت / بە تێڕامانی مەئلوفەوە چاودێری دەکات / بەدەنگەوەهاتنی ڕەنگو دەنگەکان تیایدا بەدیدەکات / بۆ دەنگدانەوەکان کە لە دێرزەمانەوە هاتووە /**

ئارثر ڕامبۆش لە بەکارهێنانی گێڕانەوەدا، دوور نەبووە لە بنیاتی شیعریی چامەدا، بۆ نمونە لە دەقی شیعریی (خەوتوی گەل–نائم الشعب) بە زمانێکی ئەوتۆ، کیانی شیعرو بنیاتی چیرۆك تێکەڵ دەکاتو هەیکەلێکی گێڕانەوەیی بەرزی پێ دەبەخشێت، لە دەرخستنی کرۆکی چامەکەیدا، لە زنجیرە واتایەکی بەدوایەکداهاتوودا، کە لە ڕستەی کۆتاییدا دەریدەخات، شاعیر زۆر بە جوانی وێنەی سەربازێکمان بۆ نمایشدەکات، کە لەسەر گژوگیایەك نوستوە کە یاری بە ڕەنگی سەوز دەکات، لەپاڵ ڕوبارێکداو دەرکەوتنی خۆر لە شاخێکی بڵندەوە وەك:

**سەربازێکی لاو دەم داخراو مل کەچ / گەردنی لە فرمێسکی شەونمی شین هەڵگەراودا / پاڵدەکەوێ/ لەسەر گژو گیایەك / زەرد هەڵگەڕاو لەژێریشیدا**

**سەوزایی کە باڵی بەسەر ڕووناکیدا کێشاوە قاچەکانی لەناو گژو گیادا ڕاکشاون .**

لە کاتێکدا پەخشانەشیعر بە کرۆکو ناوەڕۆکەکانی ساتە هەنوکەییەکانی شاعیر چارەسەر دەکەن، بەلاَم لای شێرکۆ بێکەس شێوەیەکی تری گرتوەتەخۆ، بەوەی تێکەڵی دەکات بە جیهانی زهنیو لە ڕێگەیەوە ساڵانی چلەکان دەگرێت بە هەموو کەسایەتیو ڕوداوو شوێنەکانیەوە، بە پشتبەستن بە تەکنیکەکانی پەخشانەشیعر، ئەمەش لە پێناوی نمایشکردنی تێڕوانینەکانی دوور لە چامەی شیعری ئازاد، بە شێوەیەك سیفەتێکی گێڕانەوەیی بە چامەکە دەبەخشێتو ستاتیکای کێش لە دەقەکە بەرجەستەدەکات، بەمەش ئاراستەیەکی شیعریی کاریگەری دەخاتە بەردەم خوێنەر .

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**


1-( ڕامان- 71، ل48).2002/5/5.

2-(عبدالجبار البصری - ملف قصیدة النثر - القادسیة - بغداد 1987/7/27 )

3-(سوزان - ص23 )

4-(حاتم صكر قصیدة النثر والشعر السائد) جریدة الثورة - بغداد - 1982/6/9

5-(سامی هادی - شاعیرو ڕەخنەگر وەرگێڕ لەساڵی 1940 لەدایك بووە) (افق الحداثة والحداثة النمط-بغداد- 1988 ص 85)

6- هەمان سەرچاوە. ل3

7-(سامی هادی ص 123).

8- (محمد مبارك. قصیدة نثر) قادسیة / بغداد 1987/9/16

9- هەمان سەر چاوە

10-( ڕامان- 71، ل48).2002/5/5.

11-(عبدالجبار البصری - ملف قصیدة النثر - القادسیة - بغداد 1987/7/27

12-(سوزان برنار لـ6).

13-(سوزان - ص23 )

14-(حاتم صكر قصیدة النثر والشعر السائد) جریدة الثورة - بغداد - 1982/6/9

15-(حاتم صكر الاقاع الشعر - الاقاع النثر - الجمهوریة - بغداد 1989/9/13.

16- محەمەد مەحمود (الحداثة في الشعر العربي معاصر، ص157).

17-( ڕامان- 71، ل48).2002/5/5.

18- جمالیة قصیدة النثر-سوزان بیرنار-ترجمة د.زهیر مجید مغامس جامعة بغداد ل55

19- جمالیة قصیدة النثر-سوزان بیرنار-ترجمة د.زهیر مجید مغامس جامعة بغداد ل5.

20- جمالیة قصیدة النثر-سوزان بیرنار-ترجمة د.زهیر مجید مغامس جامعة بغداد ل8

21- جمالیة قصیدة النثر-سوزان بیرنار-ترجمة د.زهیر مجید مغامس جامعة بغداد ل32

22- جمالیة قصیدة النثر-سوزان بیرنار-ترجمة د.زهیر مجید مغامس جامعة بغداد ل35

-23- جمالیة قصیدة النثر-سوزان بیرنار-ترجمة د.زهیر مجید مغامس جامعة بغداد ل70

24- جمالیة قصیدة النثر-سوزان بیرنار-ترجمة د.زهیر مجید مغامس جامعة بغداد ل46.

25--( ڕامان- 71، ل48).2002/5/5.

26- هەمان سەرچاوە